www.kurdistannet.org
23-4-2003 12:31

# ئەگەر فرۆكەوانێكی ئەمریكی بوومایە. . !

نورەدین سەعید وەیسی

ڕەنگە زۆر زێدەڕۆیی نەبێ ئەگەر بڵێم كە ژەنەڕاڵ تۆمی فرانكسی سەركردەی هێزەكانی ئەمریكا لەبنكەی خۆی لە ( (سیلیە ) ) كە لەوێوە ئیدارەی شەڕ دەكا دەكۆكێ تەواوی ستافی كەناڵی جەزیرە گوێیان لە دەنگی كۆكەكەی دەبێ، كەچی بێژەرو پەیامنێرەكانی ئەوكەناڵە خۆیان شین ومۆر كردۆتەوەو شینی حەسەن وحوسێنان بۆ گەلی عیراق دەگێڕن. . !

جەزیرە كە واریكلام بۆخۆی دەكا گوایا دروشمەكەی –الرأي والرأي الاخر-ە كەچیمیوانی سێ ژەمەی محەمەد سەعید سەحاف وعەبدولباری عەتوانە كە خزمانی كوێت بە عەبدولباری دۆلار ناوی دەبەن، چونكە رۆژنامەكەی_ القدس العربی _بە دۆلارەكانی سەدام دەردەچێ هەربۆیەش ئێستا تووشی ئەو هیستریایە بووە، نووسەرێكی عەرەبیش باشی بۆچووبوو كە داوای كردبوو كاتێسەحاف لە جەزیرە جنێوەكانی بەملاو ئەولادا بڵاو دەكاتەوە منداڵەكان لە تەلەڤزیون دوور بخەنەوە.

جۆرج بوش وەك چەندین جار رایگەیاندووە كورد گووتەنی لەقسەی خۆی نایەتە خوارێ و سەدام گۆڕبەگۆڕدەكا، بۆیەهەقە گەلی عیراق وحكومەتە داهاتووەكەی كەناڵی جەزیرە وەك كەناڵێكی دژ بە خواستەدیموكراتییەكانی گەلانی عیراق بناسێ وهەرهیچ نەبێ چالاكییەكانی لە عیراق بایكۆت بكا.

جەزیرە ئەگەرچی جگە لە سەرشۆڕی هیچی لە پشتیوانیكردنی تالیبان وقاعیدە دەستنەكەوت كەچی ئێستا ئەوەی جەزیرەو پەیامنێرەكانی بۆ رژێمی بەعس كردوویانەودەیكەن برا بۆ برای ناكا، تەنانەت سڵ لە هەڵبەستنی درۆودەلەسەی واش ناكەنەوەكە منداڵێكیشی پێناخەلەتێ، وەك ئەوەی پەیامنێرە سەرلێ شێواوەكەی لەموسل ( ( محەمەد خەیری بورینی ) ) چەند رۆژێ لەمەوبەركردیو دیمانەی لەگەڵ چەند جاش وخۆفرۆشێك كردلەموسل گوایا میللەتی كوردئامادەیە شانبەشانی برا عەرەبەكانی داكۆكی لە سەرۆكی قۆماندارابكا. . !، پەیامنێرەكەشی لە كوردستان ( ( وەزاح خەنفەر) ) لەسەرینی بۆردومانكردنی پێگەكانی تیرۆریستان لە كوردستان زۆر هەوڵیدا هاوڵاتییەك بدۆزێتەوە كە دژی ئەمریكا لێدوانی ئاگرین بدا بەڵام خۆشبەختانە هەوڵەكەی مایە پووچ بوو.

بۆیەهەر جارێك كە سەیری هەواڵنامەیەكی جەزیرە دەكەم پڕ بەدڵ خۆزگە بەوە دەخوازم كەمن فرۆكەوانێكی ئەمریكی بوومایە ( (بێگومان فرۆكەی B52یش ) ) تا هەموو جارێ كە بەرەوبۆردوومانكردنی پێگەو بارەگاكانی رژێم بەرێ دەكەوتم لەسەر رێگەی خۆشم چەند رۆكێتێكیشم بە باڵاخانەی جەزیرەوە بنایە بەڵام ئەگەر دڵنیاشبوومایە ئەو كاتانە ئیمان بەننورەو فەیرۆز زیبانی وریما سەوالحە لەوێن پەشیمان دەبوومەوە. . !

٢٠٠٣/٣/٢٧

nuradinwaisi@hotmail.com

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لەناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.